# ڕێبەری شەشەم – وانەی ١٩

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**رابەری كۆمەڵەكە :** نوێژ بكەو كۆمەڵەكەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بكە بۆ بونیادنانی كڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریكردن (٢٠ خولەك) كۆلۆسی و ١ سالۆنیكی |

**بە نۆرە بەشداری بكەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێرامانەكانتان لەو بەشە دیاریكراوەی كتێبی پیرۆز ( كۆلۆسی ٣ـ٤ وە ١ سالۆنیكی ١ ).
گوێ بگرن لەو كەسەی بەشداری دەكات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بكەن هەست بكات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبكەن . مشتومڕی لەگەڵ مەكەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەكات .
تێبینەكانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەركردن (٥خولەك) یۆحەنا ٥: ٢٤ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بكەن بۆ یۆحەنا ٥: ٢٤ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێركردن (٨٥ خولەك) هاوسەرگیری مەسیحی |

**پێشەكی** : ئەم فێركردنە تایبەتە بە هاوسەرگیری مەسیحی . لەم وانەیەدا ئەوە دەخوێنین كە كتێبی پیرۆز فێرمان دەكات لەبارەی هاوسەرگیری و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری.

## أ. تایبەتمەندیەکانی هاوسەرگیری

**١. هاوسەرگیری بیری خودایەو فەرزێکە خودا بڕیاری لەسەر داوەو دامەزراوەیەکە خودا دیاری کردوە .**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات لەبارەی هاوسەرگیریەوە ؟

**أ. هاوسەرگیری پەیوەندیە لە نێوان دوو مرۆڤی ڕەگەز جیاواز .**

پەیدابوون ١: ٢٦- ٢٨ ؛ ٢: ١٨- ٢٤ ؛ پەندەکان ٥: ١٥- ١٩ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

کاتێ خودا پلانی دانا بۆ بەدیهێنانی گەردون ، شێوازێکی داهێنا کە دەکرێ بەدیهێنراوان بەهۆیەوە بەردەوام بن لە بووندا و زۆر بن . ئیدی خودا دوو ڕەگەزی بەدیهێنا ، مەبەستێکی دیاریکراوی هەبوو لەوەدا . پیاو و ژن پێکەوە پەرچدانەوەی شێوەی خودان ، وە هەردووکیان لە هاوسەرگیریدا بچوکترین یەکەی مرۆیی پێکدەهێنن ، خێزان ، ئەمەش بنەمای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە . خودا سروشتی ڕەگەزی بەدیهێنا تاکو ببنە دوو هاوسەر لە یەك یەکەی بەهێزدا پێکەوە ، وە چێژ وەربگرن لە هاوسەرگیریاندا ، تاکو ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت لە بووندا .

**ب. هاوسەرگیری دامەزراوەیەکە خودا بڕیاری لەسەر داوەو دایمەزراندوە .**

پەیدابوون ٢: ٢٤ ؛ مەتا ١٩: ٤- ٦ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣١ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

هاوسەرگیری داهێنانێک نیە کلتوری مرۆڤانەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتبێ . خودا بۆخۆی پێوسیتی هاوسەرگیری بۆ ژن و پیاو دروست کرد، ئەو هاوسەرگیری و پەیوەندی هاوسەرگیری دیاری کردوە . بەپێی پەیدابوون ۲: ٤۲ ، واتە پێش ئەوەی ژن وپیاو بکەونە گوناهەوە ، خودا پلانی خۆی ڕاگەیاند تایبەت بە هاوسەرگیری . خودا پەیوەندی هاوسەرگیری گوزارش کرد بەوەی مرۆڤ دایکوباوکی خۆی بەجێ دەهێڵی و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەبنە یەك واتە لەپەیوەندی یەك ژن ویەك پیاودا دەبنە یەك ، وە خودا پەیوەندی سێکسی لەنێو پەیوەندی هاوسەرگیریداو بەس دروست کرد . وە بەپێی مەتا ۱۹ وە ئەفەسۆس ٥ خودا پارێزگاری لەم دامەزراوەیە دەکات تەنانەت دوای کەوتنی ژن و پیاو لە گوناهەدا . خوداوەند عیسای مەسیح و پۆڵسی نێردراو ئەوەیان دوپات کردەوە کە خودا بڕیاری لەسەر دابوو سەبارەت بە دامەزراوەی هاوسەرگیری ، وە پێویستی بەردەوام بوونی لە نێو هەموو نەتەوەو شارستانیەکانی سەرزەوی !

**ج. هاوسەرگیری وێنەیەکە بۆ پەیوەندی نێوان خوداو گەلەکەی .**

ئیرمیا ۳: ۱ ؛ ئەفەسۆس ٥: ۲۲- ۲٥ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

لەپەیمانی کۆندا هاوسەرگیری مرۆڤ وێنەیەك بوو هەروەها یادکردنەوەیەکیش بوو بۆ پەیوەندی خوداو گەلەکەی لەسەر زەوی ! چونکە ئەو کەسەی دوور دەکەوێتەوە لە خودا شێوەی لە داوێن پیس دەچێت لەبەرچاوی خودا .

وە لە پەیمانی نوێ ، هاوسەرگیری مەسیحی وێنەیەکەو سایەتیەکە لەسەر پەیوەندی نێوان مەسیح و کڵێسا .

لەگەڵ ئەوەی کلتورو نەریتە جیاوازەکانی جیهان گۆڕانکاری بەسەردا هات بە درێژایی مێژوو سەبارەت بە مەبەستی سەرەکی خودا سەبارەت بە

دامەزراوەی هاوسەرگیری ، بەڵام بەردەوام خودا داوا دەکات هەموو خەڵکی و هەموو کلتورەکانی سەر زەوی بگەڕێنەوە بۆ ئەو خواست و مەبەستە سەرەکیەی دیزاینی کردوە سەبارەت بە دامەزراوەی هاوسەرگیری !

**٢. دەکرێ هاوسەرگیریەکی ڕێکخراو بێت یان لە ئەنجامی پەیوەندی خۆشەویستیەوە هاوسەرگیری بکرێ .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەرێنی و نەرێنیەکانی هاوسەرگیری ڕێکخراو ، یان لە ئەنجامی پەیوەندی خۆشەویستیەوە کامانەن ؟

پەیدابوون ٢٤: ١- ٤ ، ٦٧ ؛ پەیدابوون ٢٩: ١٦- ٢٠ ؛ زەبور ١٢٧: ١- ٢ ؛ مەتا ١٩: ٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

لە کلتوری ڕۆژئاوادا ، ژنان وپیاوان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن کە خۆشیان دەوێ . بەڵام لە کلتوری ڕۆژهەڵاتیدا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیاوان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەکەن کە ئامادەن هاوسەرگیریان لەگەڵ بکەن . هەندێ جیاوازی کلتوری هەیە سەبارەت بە لایەنی سۆزداری لە نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بەڵام هەرچۆنێك بێت شێوازی هاوسەرگیریەکە ، سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر خودا چەق و ناوەندی ژیانی هاوسەرگیرییان بێت !

**<u>٣. دەبێت هاوسەرگیریەکە لەنێوان دوو باوەڕداردا بکرێ .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە**: کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات سەبارەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ بێ باوەڕ – باوەڕدار ؟

دواوتار ٧: ٣- ٤ ؛ ١ کۆرنسۆس ٧: ١٦، ٣٩ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٦: ١٤ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

خودا ڕێگری دەکات لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ بێ باوەڕ .

بەهۆی سروشتی گوناهەو تاوانی جیهان ، زۆرێك لە ژنانی باوەڕدار هەن پیاوانی باوەڕداریان دەست ناکەوێت بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵیان. لەبارێکی دیکەوە پیاوانی باوەڕدار ژنانی باوەڕداریان دەست ناکەوێت بۆ هاوسەرگیری کردن لەگەڵیان . بەڵام لەبری ئەوەی ڕێگە بدرێ بەو ژن و پیاوە باوەڕدارانە هاوسەرگیری لەگەڵ بێ باوەڕاندا بکەن ، باشتر وایە هەموو هەوڵێك بدرێ بۆ ئەوەی زۆربەی پیاوان و ژنانی وڵاتەکەیان بهێنن بۆ مەسیح .

پۆڵسی نێردراو هۆشداری دەدات لەوەی باوەڕدار بیر بکاتەوە لە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ بێ باوەڕدا ، وە پێی وابێت دواتر بتوانێ کاریگەری بخاتە سەرو ببێتە باوەڕدار دوای هاوسەرگیریەکەیان. ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە ، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ وا لە مرۆڤێکی دیکە بکات پێشوازی لە مەسیح بکات ، چونکە ئەم کارە تەنها لە خوداوەیە ( یۆحەنا ٦: ٤٤). لەبەرئەوە دەبێت باوەڕدار بێ ڕێزی نەکات بە خوداو یاخی نەبێت لێی ! نیری پێچەوانە و هەر ڕێگەیەك دژی خواستی خودا بێت دەبێتە هۆی ئازار بۆ باوەڕدارو منداڵەکانی !

## <u>٤. هاوسەرگیری دەبێت تەنها لە نێوان یەك ژن ویەك پیاو بێت .</u>

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بە فرە ژنی و خزمەتکار و کەنیزە ؟

**أ. هاوسەرگیری نێوان یەك ژن و یەك پیاو خودا دایمەزراندوە لەکاتی بەدیهێنانی مرۆڤەوە .**

یەکەم پاشایان ١١: ١- ١١ بخوێنەوە .

**تێبینیەکان** .

مێژوو لە کتێبی پیرۆزدا هەردوو لایەنی شتە باشەکان و شتە خراپەکان لە خۆ دەگرێت ، ئەمەش نابێتە پێوەری فێرکردن یان هەڵسوکەوتی باوەڕداران . بۆ نمونە ، کتێبی پیرۆز باسی مێژوویەکمان بۆ دەکات دەربارەی چەند پیاوێکی گرنگ لە مێژوودا ، وەکو داودی پاشاو سلێمانی پاشا ، ئەوان زیاتر لە ژنێکیان هەبوو ، کە ئەمەش خودا ڕێگری لێ کردبوو لەو کاتەوەی هاوسەرگیری دامەزراندوە هەر لە سەرەتاوە ( پەیدابوون ٢: ٢٤). لە هەندێ کلتوردا ، دەکرێ ژن هاوسەرگیری بکات لەگەڵ زیاتر لە پیاوێك ، بەڵام هەندێ کلتوری دیکە هەیە پیاو دەتوانێ هاوسەرگیری بکات لەگەڵ زیاتر لە ژنێك . فرەژنی و فرە پیاوی دەبنە هۆکاری کێشەی زۆرو گەندەڵی سێکسی و ئیرەیی و جیاکاری و توندوتیژی و بت پەرستی . بەڵام ڕاسپاردەکانی کتێبی پیرۆزو فێرکردنەکانی پێوەرن بۆ فێرکردن و هەڵسوکەوتی باوەڕداران .

**ب. دوای کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا بەڵام هاوسەرگیری نێوان تەنها یەك ژن و یەك پیاو وەك دامەزراوەیەکی خودایی مایەوە .**

پەیدابوون ٢: ٢٤ ؛ مەتا ١٩: ٥ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

خودا پلانە بنەڕەتیەکەی خۆی نەگۆڕی ئەوەی ڕوونی کردۆتەوە لە پەیدابوون ٢: ٢٤. خودا نافەرموێ : " دەبێت پیاو یەك بگرێت لەگەڵ ژنەکانیدا ،" بەڵکو " ژنەکەی" ! " پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت

و به ژنەکەیەوە دەنووسێت . " خودا شێوازی تاك بەکار دەهێنێت لێرەدا ! ئەمەش عیسا دوبارەی کردەوە لە ڕاسپاردەکەیدا کە لە مەتا ١٩: ٥ دا فەرموی " ئیتر هەردووکیان دەبنە یەك جەستە. " عیسا هانی هەموان دەدات بۆ یەکگرتنی پەیوەندی هاوسەرگیری ، وە بە تایبەتی یەکگرتنی سێکسی تایبەتمەند بە پەیوەندی هاوسەرگیری .

خودا ڕێگری دەکات لە فرەپیاوی و فرە ژنی ، وە لە هاوڕێیەتی سێکسی ، و داوێن پیسی ، وە ڕێگری دەکات لە پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری ( عیبرانیەکان ١٣: ٤) ، لە کۆتاییدا ئەو ڕێگری دەکات لەوەی دوان پێکەوە بن بەبێ هاوسەرگیری . هەروەها ڕێگری دەکات لە هۆنینەوە بۆ یەکترو پیاهەڵدان، چونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستیەکی ساختەو خۆویستی و نادڵسۆزی و لاوازبوون لە خۆڕاگری ( پەیدابوون ٣: ١- ٥ ؛ ٢ کۆرنسۆس ١١: ١- ٢ ؛ ٢ تیمۆساوس ٣: ١- ٦).

**ە. مەبەست لە هاوسەرگیری ئەوەیە بۆ ماوەی هەموو ژیانیان بێت و تاوەکو مردن بێت.**

ئاشکرای بکەو گتوگۆی لەبارەوە بکە : خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بە ماوەی هاوسەرگیری ؟

**أ. خودا ژن وپیاو دەکات بەیەك بۆ ماوەی هەموو ژیانیان .**

٢ کۆرنسۆس ٦: ١٤ ؛ مەتا ١٩: ٣- ٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

وەك چۆن پەیوەندی نێوان خوداو گەلەکەی پەیوەندی بەڵێنە ، پەیوەندی هاوسەرگیری باوەڕداریش دەبێت پەیوەندی دڵسۆزانەو پاکو بێگەرد بێت بۆ ماوەی هەموو ژیانیان . باوەڕدار بەرپرسیارە لەوەی تەنها یەك

باوەڕدار هەڵبژێرێ بۆ هاوسەرگیری ( ٢ کۆرنسۆس ٦: ١٤) . وە کاتێ هاوسەرگیری دەکەن ، خودا ئەم دوو مرۆڤە دەکات بەیەك لە هاوسەرگیریەکەیاندا بۆ ماوەی هەموو ژیانیان (مەتا ١٩: ٥- ٦). عیسا دەفەرموێ : " ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە " یاخود ڕێگری نەکات " ! هاوسەرگیری نێوان ژن وپیاو خودا گرێی دەدا بۆ ماوەی هەموو ژیانیان !

**ب. تەڵاق (جیابونەوە) لە کتێبی پیرۆزدا .**

مەلاخی ٢: ١٦ ؛ مەتا ١٩: ٩ ؛ ١ کۆرنسۆس ٧: ١٢- ١٦ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەکان** .

" یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دەفەرموێت: ڕقم لە تەڵاقە، هەروەها ڕقم لەوەیە کە توندوتیژی لە دژی ژنەکەی دەکات " خودا تەڵاق بە ستەم و توندوتیژی دادەنێت لەبەرامبەر هاوبەشی ژیان، وە ڕقی لێیەتی. بەڵام بەهۆی گوناهەی بەربڵاوی جیهان ، کتێبی پیرۆز ڕێگە دەدات بە تەڵاق تەنها لە دوو حاڵەتدا : دەکرێ ڕێگە بدرێت بە تەڵاق لە حاڵەتی ناپاکی هاوسەرگیریدا وە لە حاڵەتی " نەگونجان بە هۆی جیاوازی" لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا. ناپاکی هاوسەرگیری لە ڕێگەی بتپەرستی ڕۆحی یان گەندەڵی سێکسی یان توندوتیژیەوە سەرچاوە دەگرێ (١٩: ٨- ٩). بەڵام "جیاوازی ونەگونجان" یان " نالێهاتوویی" لە هاوسەرگیریدا ڕوو دەدات کاتێ یەکێك لە هاوسەرەکان بێ باوەڕەو هاوسەرە باوەڕدارەکەی ڕەتدەکاتەوە و نایەوێ بەردەوام بێت لە ژیانی هاوسەرگیری و هاوبەش پێکەوە ( ١کۆرنسۆس ٧: ١٢- ١٦). (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی هەشتەم ، وانەی ٤١).

**<u>٦. هاوسەرگیری کاتییە ، بەو واتایەی تەنها بۆ ئەم ژیانەیەو بەس .</u>**

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : ئایا پەیوەندی هاوسەرگیری بەردەوام دەبێت بۆ دوای مردن ؟ مردن چی بەسەر پەیوەندی هاوسەرگیریدا دەهێنێت ؟

**أ. مەبەست لە پەیوەندی هاوسەرگیری ئەوەیە هەردوو هاوبەش بەردەوام بن تاوەكو لە ژیاندان .**

ڕۆما ٧: ٢ ؛ ١كۆرنسۆس ٧: ٣٩ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەكان** .

پۆڵسی نێردراو فێرمان دەكات كە پەیوەندی هاوسەرگیری بەردەوام دەبێت تاوەكو هەردوو هاوسەرەكە لە ژیاندا دەبن . ئەگەر یەكێكیان مرد ئیدی ئەوەی دیكەیان ئازاد دەبێت لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ كەسێكی دیكەدا بكات .

**ب. هاوسەرگیری دامەزراوەیەكی خودایە لەسەر زەوی نەك لە ئاسمان .**

مەتا ٢٢: ٢٣- ٣٢ **بخوێنەوە** .

**تێبینیەكان** .

عیسا فێرمان دەكات كە دوای هەستانەوە لە مردن ، شوو كردن و ژن هێنان نیە ، چونكە لە ئاسمان باوەڕداران دوای هەستانەوەیان وەكو فریشتەیان لێ دێت لە ئاسمان . هەموو پەیوەندیەكانی سەر زەوی لە نێویاندا پەیوەندی هاوبەشی هاوسەرگیری سەرزەوی ، لە ئاسمان واتایەكی قوڵتر و تێر ترو مەزنتری دەبێت ، چونكە هەموان بە ژیانێكی پڕو تەواو زیندوو دەبنەوە لەبەردەم خودا ! لەبەرئەوە ، هاوسەرگیری دامەزراوەیەكە لەسەر زەوی نەك لەئاسمان . دەكرێ هەوڵ بدرێ بۆ گەیشتن بە نرخ و بەهای تاهەتایی لە هاوسەرگیریدا لە ڕێگەی پاكی

سروشتی کەسێتی و پەرچدانەوەی وێنەی مەسیح و ڕاگەیاندنی و خستنەوەی نەوەی گوێڕایەڵ بەرەو باوەڕی مەسیح .

**<u>٧. هاوسەرگیری پەیوەندیەکی سروشتیی زۆربەی خەڵکیە لەسەر زەوی ، بەڵام باشترین بژاردە نیە بۆ هەموان ، چونکە ڕەنگە خودا مەبەستێکی دیکەی هەبێت بۆ ژیانی ئەو مرۆڤە .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : هۆکار چی یە لەوەی هاوسەرگیری باشترین بژاردە نیە بۆ هەموان ؟

مەتا ١٩: ١٠ _ ١٢ ؛ ١ کۆرنسۆس ٧: ٨- ٩ ، ٢٥- ٣٥ ؛ ١ کۆرنسۆس ٩: ٥ ؛ ١ تیمۆساوس ٣: ٢؛ ٤: ٣ ؛ ئیشایا ٥٤: ١- ٥ **بخوێنەوە** .

کتێبی پیرۆز هاوسەرگیری بە پەیوەندیەکی سروشتی دادەنێت بۆ باوەڕداران و ڕابەران ( ١ کۆرنسۆس ٩: ٥ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٢ ؛ ٤: ٣). بەڵام مانەوە بە ڕەبەنی نەفرەت و سزا نیە . وە هەڵبژاردنی ژیانی ڕەبەنی زۆر ڕۆحانی تر نیە لە بژاردەی هاوسەرگیری . ڕەبەنی بەهرەیەکی ڕۆحیە (١ کۆرنسۆس ٧: ٧ ، ٣٢- ٣٥ ؛ مەتا ١٩: ١٠ -١٢)، بەڵام دەبێت نەیکات بە شەریعەت و یاساو نەیسەپێنێ بەسەر ئەوانی دیکەدا لە کڵێسادا .

خوداوەند عیسای مەسیح (مەتا ١٩: ١٠- ١٢) وە پۆڵسی نیردراو (١ کۆرنسۆس ٧: ٣٢- ٣٥) وشەی تایبەتیان هەیە سەبارەت بە مانەوە بەبێ هاوسەرگیری. خودا بانگی هەندێك دەكات بەبێ هاوسەرگیری بمێننەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو یان تاوەکو درێژایی تەمەنیان ئەویش بۆ ئەنجامدانی کاری تایبەتی خودا . خودا ئەوانە بانگ دەکات بۆ خزمەت و خۆتەرخانکردنیان بەتەواوی ! خودا بەڵێنی تایبەت دەدات بە ئەو خەڵکانەی بە ڕەبەنی دەمێننەوە کە منداڵانی ڕۆحیان دەدرێتێ لە بری

منداڵانی جەستەیی ئەوەی هاوسەرەکان هەیانە . ئەمەش وایان لێ دەکات زۆر بەروبوم دار بن لە کاری شانشینی خودا (ئیشایا ٥٤: ١- ٥) !

## ب. بەرپرسارێتی هاوسەرە باوەڕدارەکان

**پێشەکی** : خودا پیاو و ژنی بەدیهێناوە . وە خودا پەیوەندی هاوسەرگیری دامەزراندوە کاتێ ژنی بەدیهێنا (پەیدابوون ٢: ١٨- ٢٤) . لەبەرئەوە خودا خاوەن مافە لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی هاوسەرەکان بەرامبەر بە یەکتر . ئەو دەزانێ چۆن بەدیهێنراوانی کاردەکەن بە باشترین شێوە . ناکرێت هاوسەرەکان ژیانێکی هاوسەرگیری باشیان هەبێت مەگەر بە گوێڕایەڵیان بۆ خودا و ئەو بەرپرسیارێتیانەی خودا ڕایان دەسپێرێ .

هەندێك دەڵێن کە بەرپرسیارێتی هاوسەرگیری لە کتێبی پیرۆزدا هاتوە وەك بەرپرسیارێتیەکی دیاریکراو بە پێی کلتوری ئەو سەردەمە ، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتیەکی پێوەرانەی تایبەت نیە بۆ باوەڕدارانی ئەمڕۆ . ئەم وتەیەش زۆر مەترسیدارە ، چونکە ئەوەی خودا فەرمانی پێ دەکات و فێرکردنی کتێبی پیرۆزە هەمیشە پێوەرەو خاوەن دەسەڵاتە ، وە مەبەست و ئامانجی ئەو گۆڕانکاری مرۆڤانەیە لە کلتوری گوناهەو تاوان ! ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنمایی شەشەم وانەی ٢٣ ، تیایدا شرۆڤەی پەیوەندی نێوان کلتوری مرۆڤانەو شانشینی خودا دەکات ).

خودا دەسەڵات و بەرپرسیارێتی دەدات بە هاوسەرەکان ، وە ئامانج لەم دەسەڵات و بەرپرسیارێتیە خزمەتکردنی یەکترە . بەڵام خودا هاوسەری پیاو و هاوسەری ژنی بە دوو سروشتی جیاواز بەدیهێناوە ، فەرمانی کردوە ئەو دەسەڵات وبەرپرسیارێتیەی کە داویەتی پێیان لە ڕێگەی خزمەتکردنی یەکترەوە بەکار بهێنن بە شێوازی جیاواز. ئەو دەیەوێ هاوسەری پیاو خزمەتکردنی دەرکەوێت لە ڕێگەی دەستپێشخەری کردنەوە لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا . وە ئەو دەیەوێ هاوسەری ژن

خزمەتکردنەکەی دەرکەوێت بە شێوەیەکی تایبەت بە بانگکردنی پیاوەکەی بۆ پەیوەندیەکی گەرموگوڕ و بەهێز .

**<u>١. بەرپرسیارێتی هاوسەرەکان بەرامبەر بە یەکتر وەك خودا ڕایسپاردوون .</u>**

ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٢٥ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بەرپرسیارێتی یەکەم کامەیە بۆ هاوسەرەکان ؟

**تێبینیەکان** .

کتێبی پیرۆز فەرمان دەکات کە پیاو سەری ژنەکەی بێت ، وەك چۆن مەسیح سەری کڵێسای باوەڕدارانە ، وە دەبێت ژنەکەی خۆش بوێ وەك چۆن مەسیح کڵێساکەی خۆی خۆش دەوێت . هەروەها کتێبی پیرۆز فەرمان دەکات کە ژن ملکەچی پیاوەکەی بێت وەك چۆن کڵێسا ملکەچی مەسیحە ، وە دەبێت ڕێز لە پیاوەکەی بگرێت . هاوسەرگیری باوەڕداران بە مەسیح وێنەیەکی بینراوە بۆ پەیوەندی نێوان مەسیح و کڵێسا ( ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٣٣).

ئیدی بەم شێوەیە ، پەیوەندی هاوسەرگیری لە مەسیحیەتدا ڕاگەیاندن و موژدەیە بە عیسای مەسیح لەبەردەم جیهاندا . کاتێك خەڵکی پەیوەندی دروست و ڕاستەقینەی مەسیحیەت دەبینن ، زیاتر شارەزا دەبن لە عیسای مەسیح و گەلی عیسای مەسیح . چونکە ئەوان تەنها گوێبیستی خۆشەویستی خودا نابن ، بەڵکو هەروەها لە پەیوەندی هاوسەرگیری باوەڕداراندا ئەو خۆشەویستیەی خودا دەبیننەوە . ئەوان تەنها گوێبیستی ئەو خۆشیە نابن لە ئەنجامی پەیوەندی کردن لەگەڵ خودای زیندوو ، بەڵکو هەروەها ئەو خۆشیەی لەئەنجامی پەیوەندی هاوسەرگیری مەسیحی کە دەبێتە نمونەیەك بۆ هەمان ئەوخۆشی پەیوەندیە لەگەڵ خودا . پەیوەندی هاوسەرگیری شایەتیەکی بەهێزە لەسەر ڕاستی پەیوەندی لەگەڵ عیسای

مەسیح و هێزی ڕاکێشانی ! دەکرێت هەموو پەیوەندیەکی هاوسەرگیری مەسیحی ببێتە کارێکی موژدەگەری و نێردراوێتی ، بەتایبەتی کاتێ ماڵێکی مەسیحی دەکرێتەوە ، خەڵکی دەتوانن " بێن و ببینن " لە چۆنیەتی ژیانی خێزانێکی مەسیحی .

٢. گرنگترین بەرپرسیارێتی کە خودا داویەتی بە پیاو بەرامبەر بەهاوسەرەکەی ئەوەیە کە خۆشی بوێ و بەڕێوەی بەرێت .

پەندەکان ٣١: ١٠- ١٢ ، ٢٨ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٢٥- ٢٩ ، ٣٣ ؛ ١ پەترۆس ٣: ٧ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بەرپرسیارێتیانە کامانەن خودا داویەتی بە مێرد ؟

تێبینەکان .

أ. دەبێت مێردی باوەڕدار خزمەتی ژنەکەی بکات لە ڕێگەی خۆشویستنی.

دەبێت مێرد ژنەکەی خۆش بوێت وەك چۆن مەسیح گەلەکەی خۆش دەوێ – کڵیساکەی . خۆشویستنی واتە دەرکەوتنی گرنگیدان و دوور لە خۆویستی ، وە بە هەموو دڵیەوە پێشوازی لێ بکات ، وە یارمەتیدانی تاوەکو ببێتە باشترین وێنەی و بگاتە سەروو تواناکانی . خۆشەویستی مەزنترین کارەو دوورە لە خۆویستی . خۆشەویستی مامەڵەکردنە لەگەڵ ژن بە چاودێری و ڕێزەوە . خۆشەویستی ئەوەیە هەردوو هاوسەر ، ژن ومێرد لە خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بژین لە نەخۆشی و لەش ساغیدا .

وێنەیەکی جوانمان هەیە بۆ خۆشەویستی لە ١ کۆرنسۆس ١٣: ٤- ٨ . خۆشەویستی شوودرێژییە، خۆشەویستی نیانییە. خۆشەویستی ئیرەیی نییە، شانازی نییە، لووتبەرزی نییە. بەدڕەوشتی نییە، بۆ خۆی داوا ناکات، زوو تووڕە نابێت و خراپەکان تۆمار ناکات. بە خراپە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بە ڕاستی دڵشاد دەبێت. بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت، باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات، هیوا بە هەموو شتێك دەخوازێت، بۆ هەموو شتێك

ئارام دەگرێت.  خۆشەویستی هەرگیز نافەوتێت، بەڵام ڕاگەیاندنی پەیامی خودا دەوەستێت، قسەکردن بە زمانە ڕۆحییەکانیش کۆتایی پێدێت، زانیاریش نامێنێت. دەکرێت وشەی پیاو بکەینە پێش هەر ئایەتێك لەم ئایەتانەی سەرەوە ئەو کات دەزانین پیاو دەبێت چۆن ژنەکەی خۆش بوێ!

پەندەکان بە شێوازێکی جیاواز تر گوزارش لە خۆشویستنی ژن دەکات لەلایەن مێردەکەیەوە . دەڵێت کاتێ ژنەکەت خانەدان بێت بە تەواوی پشتی پێ دەبەستی . بۆ نمونە متمانەی پێ دەکات لە هاوکاری کردنی یەکتر ، کاتێ داوای لێ دەکات هاوکاری بکات . خۆشەویستی ڕاستەقینەی مێردەکەی وای لێ دەکات هەست بکات کە زۆر پێویستە بۆ ئەو ، وە هەست دەکات کە جێگەی ڕەزامەندی و ڕێزە لەلای مێردەکەی ! ئیدی بەم شێوەیە ، ژنەکە دەتوانێ هەموو ڕۆژگاری ژیانی چاکەی بۆ ئەنجام بدات . لەبەرئەوە مێردو منداڵەکانی پیاهەڵدەدەن و ڕێزی لێ دەگرن .

**ب. دەبێت مێردی باوەڕدار خزمەتی ژنەکەی بکات بە ڕابەرایەتی کردنی.**

دەبێت مێرد چاودێری ژنەکەی بکات و بەڕێوەی بەرێت وەك چۆن مەسیح کڵێسا بەڕێوەدەبات . دەبێت وەك چۆن شوان مێگەلەکەی چاودێری دەکات بەهامن شێوە دەبێت مێرد ژنەکەی چاودێری بکات و بەخێوی بکات ، واتە خۆراکی بۆ دابین بکات و بیپارێزێ و لە بارودۆخە سەختەکان هاوکاری بکات. دەبێت مێرد ژنەکەی بەڕێوەبەرێت وەك چۆن بریکارێك ماڵێکی مەزن یان دێرێکی مەزن بەڕێوە دەبات . دەبێت چاودێری شتومەك و ماڵاتی بکات ، وە چاودێری چالاکی و گرنگیپێدانەکانی بکات ، وە بەڕێوەی بەرێت بە ڕێگەکەی خودا . دەبێت مێرد وەك خزمەتکار ژنەکەی بەڕێوەبەرێت : دەبێت خزمەتی بکات لەو بوارانەدا کە پێویستی بە خزمەتە .

**٣. گرنگترین دوو بەرپرسیارێتی کە خودا داویەتی بە ژنی مەسیحی بەرامبەر بە مێردەکەی ئەوەیە خۆشی بوێ و هاوکاری بکات .**

پەیدابوون ٢: ١٨ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٣٣ ؛ تیتۆس ٢: ٤- ٥ ؛ ١پەترۆس ٣: ١- ٦ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو بەرپرسیارێتیانە کامانەن خودا داویەتی بە ژنەکان ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. دەبێت ژنی باوەڕدار خزمەتی مێردەکەی بکات لە ڕێگەی خۆشویستنی.**

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ژنی مەسیحی خۆی تەرخان دەکات بۆ خۆشویستنی مێردی و منداڵەکانی ، وە دەبێت ژیرو پاك بن و بەماڵەوەیانەوە سەرقاڵ بن ، وە چاك بن و ملکەچی مێردەکانیان بن ، تاوەکو کەس خراپە بەرامبەر بە وشەی خودا نەکات و کوفر بە وشەکانی خودا نەکات (تیتۆس ٢: ٤- ٥). هەروەها دەبێت خۆشەویستیەکەی بە خۆڕاگری و چاکەو خەسڵەتەکانی دیکەی خۆشەویستیەوە بێت ئەوەی هاتوە لە ١ کۆرنسۆس ١٣ دا . خۆشەویستی ئەوەیە بژین بە پاکی و دڵسۆزی پێکەوە لەگەڵ مێردەکەی لە خۆشی و ناخۆشیدا ، لە ساغی و نەخۆشیدا .

دەبێت هەڵسەنگاندن بکرێ بۆ کاری دایك لە ژێر ڕۆشنایی ماددی و تاکڕەویدا لە بواری گرنگیدان ئەوەی کە نەوەی ئەمڕۆی گیرۆدە کردوە هەروەها بە شانشینی خودا لەلایەکی دیکەوە .

**ب. دەبێت ژنی باوەڕدار خزمەتی مێردەکەی بکات و هاوکاری بێت .**

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە ژنی باوەڕدار ملکەچ دەبێت بۆ مێردەکەی (ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٢٤ ؛ ١ پەترۆس ٣: ١- ٦)، وە ڕێزی لێ دەگرێت (ئەفەسۆس ٥: ٣٣). دەبێت بە ملکەچیەوە خزمەتی بکات وە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە حەز بکات بەوەی مێردەکەی بەڕێوەی بەرێت و چاودێری بکات ، وە دەبێت ڕێز بگرێت لە بەڕێوەبردنەکەی. جیاوازی نێوان گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەوەیە گوێڕایەڵی دەشێ لەلایەن خاوەن دەسەڵاتێکەوە داوا بکرێت ، بەڵام ملکەچی هەڵوێستێکی ئارەزومەندانەیە و هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت ، ئەمەش هەڵوێستی ژنە بەرامبەر بە مێردەکەی . نابێت مێرد داوا لە ژنەکەی بکات ملکەچ بێت بۆی ، چونکە ئەمە تەنها مافی خودایە و بەس .

ملکەچی ژن بۆ مێردەکەی بەواتای کۆیلە یان نۆکەریی نیە ، بەڵکو واتای ملکەچیەکی دیاریکراو (پەیدابوون ٢: ١٨). ملکەچی شوێنکەوتنێکی ئارەزومەندانەیە بۆ مێردەکەی ، بەشێوەیەك کە ببێتە باشترین ئەندامی تیمی مێردەکەی . وە لەبەرئەوەی ئەندامە لە تیمەکەدا ، دەبێت باشترین لەوەی دەتوانێ پێشکەش بکات لە بۆچوون و پیشنیارو و بیرو ئامۆژگاری و یارمەتی و هاوکاریەکانی ، وە شتی دیکە . دەبێت گفتوگۆ و وتوێژ بکات لەگەڵ مێردەکەیدا سەبارەت بە کاروبارە گرنگەکان ئەوەی تایبەتە بە ژیانی کەسێتیان و ژیانی هاوسەرگیریان و خێزان و کۆمەڵگەکەیان. ئەو هاوبەشە لە بڕیاردان ، وە دەبێت هەموو دەرئەنجامەکان شەنوکەو بکەن ئەوەی لە ئەنجامی بڕیارەکانیانەوە گەڵاڵە دەبێت . وە کاتێ مەحاڵ دەبێت بگەنە ڕێکەوتنێکی گونجاو لە نێوانیاندا ، دەبێت بەرپرسیارێتی بڕیاری کۆتایی خۆی لە ئەستۆ بگرێ ، وە دەبێت بزانێ کە ئەو بەرپرسە لە دەرئەنجامی بڕیارەکەی. ملکەچیەکەی لەو چوارچێوەدایە کە خودا داوای لێ دەکات. لەبەرئەوە ، کاتێ مێردەکەی داوای لێ دەکای ملکەچی بێت لە گوناهەو تاواندا ، دەبێت بە چاکەو نەرمونیانی بەرهەڵستی بکات ( کردار ٥: ٢٩) . ئیدی بەم شێوەیە ، دەبێت ژن ومێرد پێکەوە وەك یەك تیم بژین لە ژیانی هاوسەرگیری و خێزانی و کۆمەڵگەکەیاندا .

ڕێزی ژن بۆ مێرد دەردەکەوێت لە ڕێگەی گوزراش کردن لە ڕاوبۆچوونی بە شێوەیەکی نەرمونیان ، وە بە ڕێگە دان بە خودا کار بکات تیایدا. هەروەها لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە گرنگیدان بە ئامۆژگاری مێردەکەی. ڕێزی ژن بۆ مێرد دەردەکەوێت لە ڕێگەی بەشداری کردنی لە پلان و ئەو پێشکەوتنانەی بەدەستیان هێناوە. هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەردەکەوێت کە دەستپێشخەری بکات لە خزمەتکردنی بێ ئەوەی چاوەڕێ بکات داوای لێ بکرێت . دەبێت بە پشودرێژی و دڵفراوانیەوە هەوڵ بدات تێبگات لە کێشەو بۆچونەکانی .

پوختە : خودا بەرپرسیارێتیەکی ڕوون و کردەیی داوە بە ژن ومێردی باوەڕدار. چونکە کاتێ پیاو ژنەکەی خۆش دەوێ و بەو شێوەیە بەڕێوەی دەبات وەك چۆن مەسیح كڵێساكەی بەڕێوە دەبات ، ئیدی سەخت نابێت بۆ ژنەکە پیاوەکەی خۆی خۆش بوێ و ڕێزی لێ بگرێت و ملکەچی چاودێریەکەی بێت لە خێزانەکەیدا . باشترین شوێن بۆ منداڵان کە تیایدا فێری واتای خۆشەویستی و ڕێزو ڕابەرایەتی کردن و ملکەچی بن چاودێری کردنی ڕۆژانەی دایک وباوکیانە .

### ج. ئاهەنگ و ڕاگەیاندنی پەیمانی هاوسەرگیری مەسیحی

**پێشەکی** : ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئاشکرایە . کتێبی پیرۆز ئەوانە مەحکوم دەکات وەك دوو کەس پێکەوە بژین بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی هاوسەرگیریان کردبێت. ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری مەسیحی کۆتایی دەهێنێت بە دۆخی ڕەبەنی بەشێوەیەکی ئاشکراو فەرمی ، وە دەستپێکردنی دۆخی هاوسەرگیری ڕادەگەیەنێ. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی ئەم ڕاستیانەی خوارەوە سەبارەت بە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری مەسیحی :

## **١. ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری مەسیحی سێ بنەمای سەرەکی هەیە.**

پەیدابوون ٢: ٢٤ ؛ مەتا ١٩: ٥- ٦ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣١ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : واتای چییە سێ بنەمای سەرەکی وەك ئەرک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری مەسیحیدا ؟

**تێبینیەکان** .

عیسا فێرمان دەکات لە مەتا ١٩: ٥- ٦ دەفەرموێ : " هەروەها فەرمووی: (لەبەر ئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەك جەستە.) کەواتە چیتر دوو نین بەڵکو یەك جەستەن. لەبەر ئەوە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە ." خودا ئەم وشانەی فەرموو کاتێ مرۆڤی بەدیهێنا ، وە پۆڵسی نێردراو دوبارەی کردەوە لەنامەکەیدا بۆ کڵێسا. لەبەرئەوە ، کتێبی پیرۆز گرنگیەکی مەزن دەدات بەم بنەمایە ! هاوسەرگیری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی زۆر گرنگە . یادێکە تیایدا پیاو و ژن دایکوباوکیان بەجێ دەهێڵن و دەست دەکەن بە ژیانێکی نوێ و پێکەوە خێزانێکی نوێ پێکدەهێنن ! بنەمای سەرەکی وئەرك لە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا ئەوەیە : مرۆڤ باوکودایکی بەجێ دەهێڵێ و ، لەگەڵ هاوسەرەکەی یەکدەگرێت و دەبنە یەك جەستە .

### **أ. هاوسەرگیری واتە بەجێهێشتنی دایکوباوك .**

ئەگەرچی هاوسەرگیریەکە ڕێکخرابێت یان لەئەنجامی پەیوەندیەکی خۆشەویستیەوە بێت ، دەبێت پیاو و ژن دایکوباوکیان بەجێ بهێڵن و دەست بکەن بە پێکهێنانی خێزانێکی نوێی تایبەت بە خۆیان .

پیاو و ژن ئامادە دەبن لە بەجێهێشتنی دایکوباوکیان بە ڕاگەیاندنی هاوسەرگیریەکەیان ، وە دەست دەکەن بە ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکە. زۆرجار ئەم پلان و ئامادەکاریە بە

"دەزگیرانداری" ناو دەبرێ . وە دوای ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ئیدی هەردوو هاوبەش دایکوباوکیان بەجێ دەهێڵن .

دەبێت ژن ومێرد بەچەند شێوازێکی جیاواز دایکوباوکیان بەجێ بهێڵن :

بەجێهێشتنی دایکوباوك واتە بەجێهێشتنیان لە ڕووی سۆزداریەوە : چونکە هەر لەساتی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەیان بە دواوە ، دەبێت ژن و مێرد یەکتریان خۆش بوێت زیاتر لە دایکوباوکیان .

بەجێ هێشتنی دایکوباوك واتە بەجێهێشتنی دەسەڵاتی دایکوباوك : نامەی ئەفەسۆس ٦: ١- ٣ فێرمان دەکات کە پێویستە و گرنگە منداڵان ملکەچی دایکوباوکیان بن و ڕێزیان لێ بگرن . بەڵام ئەفەسۆس ٥: ٣١ فێرمان دەکات کە ، کاتێ هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن ، دەبێت دایکوباوکیان بەجێ بهێڵن و لە ساتی هاوسەرگیریەکەیانەوە چیدی پەیوەست نابن بە ملکەچ بونیان بۆ دایکوباوکیان ، بەڵام بە گوێڕایەڵ بونیان بۆ خودا لەهەموو شتێکدا دەمێننەوە . بێگومان دەبێت بەردەوام بن لە ڕێزگرتنی دایکوباوکیان ، بەڵام ڕێزگرتنی دایکوباوك جیاوازە لە گوێڕایەڵی. بۆ نمونە ، دایکوباوکی ژن یاخود مێرد دەسەڵاتیان نامێنێت لەسەر کوڕوکچیان دوای هاوسەرگیریان . وە خەزور دەسەڵاتی نابێت لەسەر بوکەکەی .

بەجێهێشتنی دایکوباوك واتە بەجێهێشتنیان لە ڕووی ماددیەوە : دەبێت هاوسەرەکان لەمەودوا خۆیان کاروباری دارایی خۆیان دابین بکەن .

بەجێهێشتنی دایکوباوك واتە بەجێهێشتنیان لە ڕووی ڕۆحیەوە : چونکە ئەگەر دایکوباوك بێ باوەڕبوون ، دەبێت هەردوو هاوسەری نوێ بەردەوام نەبن لە بیروباوەڕی ئاینی جیاوازی دایکوباوکیان و بەو شێوەیە نەژین . دەبێت هاوسەری باوەڕدار بە مەسیح لە ماڵەکەیاندا خوداوەند عیسای مەسیح بپەرستن و خزمەتی بکەن .

بەجێهێشتنی دایکوباوك واتە بەجێهێشتنیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە : ئەگەر بکرێ هەردوو هاوسەر هەوڵ بدەن بگەڕێن بە دوای شوێنی نوێ

بۆ نیشتەجێ بونیان تاوەکو سەربەخۆ بن لە دایکوباوکیان . بێگومان لە هەندێ کلتوردا لە سەردەمی لاوێتیدا ماڵەوەیان بەجێ دەهێڵن پێش هاوسەرگیریان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بە مەبەستی خوێندن یان کارکردن لە شوێنێکی دیکە . ئەمەش کارێکی هەڵە نیە .

هەموو بەجێهێشتنەکان نیشانەیەکی بەرچاون بۆ دایکوباوك و ئەوانی دیکە لەسەر ئەوەی هەردوو هاوسەر چیدی ناگەڕێنەوە بۆ پشبەستنیان بە دایکوباوکیان ، بەڵکو ژیانی تایبەتی خۆیان دەست پێدەکەن .

**ب. هاوسەرگیری واتە یەکگرتنی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا .**

ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری ڕێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئاشکرایە تیایدا ژن و مێرد پەیمان دەبەستن لەگەڵ یەکتر لەبەردەم خوداو گەلی خودا کە سەرڕاست و دڵسۆز و پەیوەست بن لەبەرامبەر یەکتر بە درێژایی ژیانیان تا ئەوکاتەی مردن لەیەکتریان جیا دەکاتەوە . لە مەلاخی ٢: ١٣- ١٦ خودا دەفەرموێ : " یەزدان شایەتە لەنێوان تۆ و ژنەکەی تەمەنی گەنجیت " تاوەکو پەیمانی هاوسەرگیری مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا هەڵنەوەشێتەوە . لەڕێگەی ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ، خوداوەند پیاو و ژن دەکات بەیەك ، وە هۆشداریان دەداتێ لەوەی ناپاك نەبن لەو پەیمانەی لە نێوانیاندایە بۆ ئەوەی لەیەك جیا نەبنەوە "تەڵاق". وە لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ، هەردوو خێزانی بوك وزاواو خوشکان وبرایانی باوەڕدارو هاوڕێکانی دیکەیان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی ئەم دوو مرۆڤە پەیمانیان داوە بە خودا کە پەیوەست بن بە هاوسەرگیریەکەیان بە درێژایی تەمەنیان ، وە تاوەکو یەکتریان خۆش بوێ ، وە سەرڕاست و دەستپاك بن لەبەرامبەر یەکتر ، وە هاوکاری یەکتر بکەن لە هەموو بارودۆخەکانی ژیانیاندا .

**ج. هاوسەرگیری واتە هەردوو جەستە دەبنە یەك .**

ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری خاڵی سەرەتای یەکبونی ژن ومێردە لە هەموو شتێکدا. دەبێت لە ڕووی ڕۆحیەوە ببنە یەك هەروەها لە ڕووی عەقڵی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە ببنە یەك . یەکگرتنی جەستەیی تۆوی ئەم یەکبونەیە ، وە خودا ڕێگە نادات بەمە تا ئەوکاتەی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوسەریدا دروست دەبێت.
ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕاگەیاندنی خوداییە بەوەی کە ژن وپیاو دەتوانن یەکبگرن لەڕووی سێکسیەوە. چونکە یەکگرتنی سێکسی لەلای خودا پەسەند نیە تا ئەوکاتەی لەچوارچێوەو سنوری پەیمانی هاوسەرگیریدا ئەنجام دەدرێت . لەبەرئەوە خودا ڕێگری کردوە بەهەر شێوەوشیوازێکی سێکسی پێش هاوسەرگیری و دەرەوەی هاوسەرگیری ( عیبرانیەکان ١٣: ٤) . یەکبونی جەستە دەبێت بە باشترین وێنە کاتێ هەردوو هاوسەر یەکدەگرن و گەشە دەکەن لەهەموو لایەنەکانی پەیوەندیەکانی دیکەیاندا .

**٢. ڕێورەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئاشکرایە.**

**بزانە** : کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هاوسەرگیری نابێت بە نهێنی ئەنجام بدرێت ، بەڵکو هەمیشە پرۆسەیەکی ئاشکراو گشتیە .

أ. پێشتر ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی خێزانی بوو .

لەکۆندا " پەیمانی هاوسەرگیری" تایبەت بوو بە هەموو خێزانەکەوە . لە پەیمانی کۆندا ، پرۆسەیەك بوو خێزانی بوك و زاوا ڕۆڵی گرنگیان تێدا دەبینی . ئەو ڕۆڵەش تەنانەت هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی لە خۆ دەگرت ( پەیدابوون ٢١: ٢١)، هەندێ جار "مارەیی" لەخۆ دەگرت یان دیاری خێزانی زاوا ( پەیدابوون ٢٩: ١٨ ؛ ٣٤: ١٢)، هەروەها دیاری بەخشین بە بوك و زاوا ( پەیدابوون ٢٤: ٥٩، ٦١؛ ١ پاشایان ٩: ١٦).

لەم سەردەمەی ئێستاش ، ڕاوێژکردن بە باوکو دایک سەبارەت بە هاوسەرگیری وە سەبارەت بە هاوبەشی ژیان وە سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیریەکە جێگەی ڕێزو پێزانینە هەمیشە وە گوزارشە لە ڕێزگرتن لە دایکوباوك . بەڵام پێدانی مارەیی داواکاریەکی کتێبی نیە .

**ب. پێشتر ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی ئاشکراو گشتی بوو .**

ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەم بنەمایانەی لەخۆ دەگرت : بوك و زاوا جلوبەرگی زەماوەندیان لەبەر دەکرد و خۆیان دەڕازاندەوە ( زەبور ٤٥: ١٣- ١٤). وە هاوڕێی زاواو هاوڕێی بوك هاوەڵیان دەکردن ( زەبور ٤٥: ١٤ ؛ یۆحەنا ٣: ٢٩). زاوا و هاوڕێکانی دەچوون بۆماڵی بوکێ ، وە بوکێ و هاوڕێکانی دەردەچونە دەرەوە بۆ پێشوازیان و بەیەکگەیشتنیان . پاشان بەڕێدەکەوتن بە کەژاوەیەکی مەزن لە ماڵی بوکەوە بەرەو ماڵی زاوا بۆ شایی و زەماوەند . ڕێگە دەدرا بەو میوانانەی بانگهێشت کرابوون لەگەڵ کەژاوەکەدا بن بە ڕوناکی و چرادانەوە ، چونکە شەوان کۆڵانەکان زۆر تاریک بوون ( مەتا ٢٥: ١- ١٣). ئیدی خوان دەڕازایەوە و شێو ئامادە دەکرا هەندێ جار بۆ ماوەی هەفتەیەك بەردەوام دەبوو ( مەتا ٢٢: ١- ١٤؛ یۆحەنا ٢: ١- ١٠ ؛ ڕابەران ١٤: ١٧). بەشێك لە ئاهەنگەکە بریتی بوو لە پەیمان بەستنی هەردوو هاوسەر ، کە خودا شایەتە لەسەریان ( مەلاخی ٢: ١٤ ؛ پەندەکان ٢: ١٧ ؛ حزقێل ١٦: ٨) ! بەدرێژایی سەدەکان ، باوەڕدارانی مەسیح ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریان بە ئاشکراو لەبەردەم خوداو خێزان و هاوڕێ و براو خوشکانیان لە مەسیحدا ئەنجام داوە .

ج. تەواوکردنی هاوسەرگیری .

تەنها دوای ئاهەنگی هاوسەرگیری دەكرێت هەردوو هاوسەر پەیوەندی سێكسیان هەبێت پێكەوە ( پەیدابوون ٢٩: ٢١- ٢٣ ؛ ژیرمەندی ٢٢: ١٣- ٢١ ؛ عیبرانیەكان ١٣: ٤).

| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت** |
|---|---|

**بە نۆرە نوێژ بكەن** ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەركی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری كۆمەڵەكە** . ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) فێركردنی تایبەت بە" هاوسەرگیری مەسیحی" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە نامەی ١ سالۆنیكی ٢-٥ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : ڕامان بكە لە ئایەتی نوێی كتێبی پیرۆز و لەبەری بكە. یۆحەنا ٦: ٣٧ ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ٨ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.